هەواڵ هەواڵ

تەرمی ژنێک دەدۆزرێتەوە

تایبەت بە رۆژی گەل : کەسێک بە تایبەتی گەواهی بۆ رۆژی گەل دا کە ئێوارەی رۆژی ٢٦-١١-٢٠٠٦ بینیویەتی ئۆتۆمۆمیلێک لە نزیک پردی چوارقورنە تەرمی ژنێکی کوژراوی فڕێداوەو دواییش بە خێرایی لە شوێنەکەدوور کەوتۆتەوە.

هەرچەندە کوژراوەکە نەناسراوەتەوە و هۆکاری کوشتنەکەشی روون نەبۆتەوە، بەڵام لەم رۆژانەدا کوشتنی ژن و کچانی کوردستان لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەی گرتووە و دەستەڵاتدارانی کوردستانیش هەوڵی دۆزینەوەی بکوژان نادەن . هەندێ جار بکوژەکان ناسێندراون بەڵام پەلکێشێ بەردەم دادگە نەکراوەو بکوژەکان توانیویانە لە پشت حزبە گەورەکانەوە خۆیان بشارنەوە.

٤ تیرۆریستی بەرەی تورکمانی دەستگیر دەکرێن

هەواڵەکان: موقەدەم نەوزاد عەلی بەرپرسی پنکەی عەدالەی پۆلیسی پارێزگای کەرکوک بە ئاژانسەکانئ هەواڵی راگەیاند کە رۆژی ٧-١٢-٢٠٠٦ لە نێو شاری کەرکوکدا چوار تیرۆریست دەستگیر کران کە ناسنامەی بەرەی تورکمانیان لە گیرفان دابوو.

نەگوێرەی زانیاریەکان ئەو چوار تیرۆریستە لە نێو گەراجێکی گەرەکی پیشەسازی شاری کەرکوک دەستگیرکراون کە چەک و تەقەمەنیشیان پێگیراوەو دانیشیان بەوە داناوە کەچەندین کردەوەی تیرۆریستیان لەنێو شاری کەرکوکدا ئەنجام داوە.

بەرپرسێک بەنووسراوێکی ساختە ١٤ تەن چیمەنتۆ وەردەگرێ

هەواڵەکان: بەرپرسی لایەنێکی دەسترۆیشتوو لە شاری کەرکوک بەناوی(ع، م) رۆژی ٢٦-٧-٢٠٠٦ بە نووسراوێکی ساختە داوای لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک کردووە کە چیمەنتۆی پێویستی بدەنێ تا خانووەکەی تەواو بکات. لەسەر ئەو نووسراوە١٤ تەن چیمەنتۆی بۆ تەرخان دەکرێ.

بەگوێرەی هەواڵەکان ئەو چیمەنتۆیە بە دوو جار وەرگیراوە. وێڕای ئەوەی نووسراوەکە ساختەبووە، خانووشی دروست نەکردووە، بەم شێوەیە دەردەکەوێ کە ناوبراو دوو جار کاری ساختەی کردووە، هەم ساختەکاری لەگەڵ شوێنی کارەکەی خۆیدا و هەمیش ساختەی لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکدا کردووە.

فێرخوازێکی ناوەندی خۆی دەکوژێ

کاتژمێر ٩,٣٠ی رۆژی ٧-١٢-٢٠٠٦ کچێک بەناوی (ئا.ق.س) دانیشتووی شارۆچکەی سەید سادق ، بە گوللە کوژرا. بە گوێرەی زانیاریەکان قوربانیەکە تەمەنی ١٧ ساڵان و فێرخوازی ناوەندی مەتینی تێکەڵاوی سەید سادق بووە، ئەندامانی بنەماڵەکەی دووپات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە قوربانیەکە بۆخۆی هەوڵی خۆ کوشتنی داوە، پەلاماری چەکی داوەو گوللەی لەخۆی داوە، بەو هۆیەشەوە هەر دەمودەست گیانی لەدەست داوە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هۆکاری کوشتنەکەی نەزانراوە .

دهۆک: بەرپرسێکی سەربازی سوکایەتی بە پۆلیسی هاتوچۆ دەکات

رۆژی ٤-١٢-٢٠٠٦ بەرپرسێکی سەربازی بەناوی(ش.ع) لەنێو شاری دهۆکدا کاتێ لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆوە داوای مۆڵەتی شۆفێری لێدەکرێ، ئەوئامادە نابێ مۆڵەتی شۆفێرییان پێبدات، تەنانەت زۆر بەرەقیش وەڵامی پۆلیسەکان دەداتەوە، ئەوانیش رێگەی پێنادەن بڕوات.بەهۆیەوە تووڕەدەبێ و فەرمان بە پاسەوانەکانی دەدات لە پۆلیسەکانی هاتوچۆ بدەن. بەم شێوەیە پاسەوانەکانی لەگەڵ پۆلیسەکان بەشەڕ دێن و لێیان دەدەن، پاشان ناوبراو لەگەڵ پاسەوانەکانی هەڵدەکوتێتە سەر بەرێوەبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆو گەمارۆیان دەدات، سوکایەتی بە بەرێوەبەر و پۆلیسەکانی دیکە دەکات. وێڕای ئەوەی کە ئەو هەڵدەکوتێتە سەر فەرمانگەیەکی دەوڵەتی و لەکاتی دەوامی رەسمیدا سوکایەتی بە پۆلیسەکان دەکات و هەڕەشە لە بەرێوەبەر دەکات، کەچی لایەنە پەیوەندیدارەکان بێدەنگی هەڵدەبژێرن و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵدا ناکەن.

پێکدادانی ئۆتۆمبیل زیانی گیانی لێدەکەوێتەوە

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٦/١٢/٦ لەرێگەی سەرەکی نێوان کەرکوک بەغداد لەئەنجامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبلی تایبەتی کە هۆکاری لێخورینی بەپەلە بوو چوار هاوڵاتی مردن و دوانیش بریندار بوون بریندارەکان دەست بەجێ رەوانەی نەخۆشخانە کران.

منداڵێک لە عەربەت دەخنکێ

هەفتەی رابردوو لە شارۆچکەی عەربەت منداڵێکی ساوا بەهۆی کەوتنە ژێر بێشکەوە خنکا ئەمە یەکەم جار نیە خێزانی کورد کارەساتی لەو جۆرە بە خۆیەوە ببینێ. سەرەڕای ئەوەش واز لەبێشکە ناهێنن

شاندێکی رزگاری سەردانی پارتی کرێکاران و رەنجدەران دەکات

کاتژمێر ١٦ی رۆژی ٢٦-١١-٢٠٠٦ هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان بە یاوەری هەڤاڵ هەژار زراری بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستانیان کرد، لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتییەوە پێشوازییان لێکرا.

لە دیدارێکی برایانەدا کە هەریەکە لە هەڤاڵان(هاوکار مەحمود) کارگێری مەکتەبی سیاسی و (حەمەرەش ئەحمەد)،ئەندامی مەکتەبی سیاسی و (سامی خۆشناو) جێگری مەکتەبی سیاسی و هەڤاڵان(دڵشاد هاشم و تەحسین رەحمان) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و هەڤاڵ (هەمزە قادر) کارگێری مەکتەبی پەیوەندیەکان بەشدار ببوون باس لە پێوەندی نێوان هەردوولا کرا، رەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستان و ناوچەکە خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەردوولا جەختیان لەسەر قوڵکردنەوەی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کردەوە و هیوایان خواست کە هاوهەڵوێستی زیاتر لە کێشە نەتەوەیەکاندا بە تایبەتیش لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق هەبێ. لە پێوەندی هەبوونی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن رامانی جیاواز هەبوو، هەرچی شاندنی حزبی رزگاریی کوردستان بوو، بوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی بە گرنگ و پێویست دادەنا و بە سەنەدی سیستەمی دیموکراسی دەناساند، بەڵام هەڤاڵانی پارتی کرێکاران و رەنجدەران لەوکاتەدا وایان بەباش دادەنا کە ئۆپۆزیسیۆن رۆڵی بەرچاو نەگێڕێ نەبادا کێشەی ناوەخۆ دروست بێتەوە.

لەکۆتاییدا هەردوولا هیوایان خواست کە ئەو جۆرە دیدارانە پەرەیان پێبدرێ و هەوڵی قوڵکردنەوەی پێوەندی نێوان رزگاری و پارتی کرێکاران و رەنجدەران بدرێ.

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکوک هەواڵی گەیشتنی ٥٠ تیرۆریست رەتدەکاتەوە

دوای ئەوەی لە چەند دەزگایەکی راگەیاندندا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە پەنجا تیرۆریستی دەرەوەی عێراق گەیشتوونەتە شاری کەرکوک و بەنیازن چەند کردەوەیەک لەو شارە ئەنجامبدەن، لە لێدوانێکی بەڕێوەبەری ئاسایش لە شاری کەرکوک رایگەیاند: کە ئەو هەواڵانە هیچ بنەمایەکی راستیان نییە و تیرۆریستان لە رێی ئەو پروپاگەندانەوە دەیانەوێ کاریگەری خۆیان لەسەر خەڵک زیندوو بکەنەوە.

لەماوەی چەند رۆژی رابردوو دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە ئێستا پەنجا تیرۆریست لە دەرەوەی عێراق بەرەو شاری کەرکوک هاتوون و بەنیازن لە و شارە چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی ئەنجامبدەن، لەمبارەیەوە هەڵۆ نەجات بەڕێوەبەری ئاسایشی راگەیاند: ئێمە وەک دەزگای ئاسایشی ئەو شارە تاکو ئێستا هیچ زانیاریەکمان لەمبارەیەوە بەدەست نەگەیشتووە، هەروەها پۆلیسی و هێزە ئەمەریکیەکانی کەرکوکیش باسیان لە شتێکی لەو جۆرە نەکردووە. هەروەها گوتی: ئەو هەواڵ پروپاگەندەی تیرۆریستانە کە دەیانەوێ بەمجۆرە کاریگەریان لەسەر خەڵک دروست بکەنەوە، ئەگینا هەر تیرۆریستێک بگاتە کەرکوک ئەوا دەزگا ئەمنیەکانی ئەو شارە لە چاودێری و بێداریەکی بەردەوامدان.

لە/پەیامێر/دوە

زیاتر لە دوو تەن مادەی سڕکەر لە هەمەدانی ئێران دەستی بەسەرداگیرا

بە وتەی ناوەندی هەواڵی ئێران بڕی ٢ تەن و ٣٣٥ کیلۆ گیای "گڕاس" لە گوندی "تەسیرئاباد"ی شاری "قامین" سەر بە پارێزگای "هەمەدان" لە ئێران لە لایەن هێزی ئینتزامییەوە دەستی بەسەرداگیراوە.

رۆژی پێنجشەممە ناوەندی راگەیاندنی هێزی ئینتزامیی شارەکە رایگەیاند: دوو کەس لە پێوەندی لە گەڵ ئەو مادە سڕکەرانەدا دەسگیر کراون.

گڕاس جۆرە گیایەکە مادەی سڕکەری لێ دروست دەکرێت

گروپێکی سەربەخۆی گەنجان لە عەربەت دادەمەزرێت

گروپی ئایندە گروپێکی سەربەخۆی گەنجانە ولە١٥ ئەندامی سەرەکی پێکهاتوە کە هەموویان خوێندکاری زانکۆن، لە ٢٠٠٦/٨/١٥ وە ئەم گرپە دامەزراوە، نەبوونی سەنتەری گەنجان و قاوەنێت و شوێنێکی گشتی بۆ کۆبوونەوەی گەنجان هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی گروپەکەن.

بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵات و بەدیهێنانی خواستی لاوانی شارۆچکەکە، پانزە خوێندکاری زانکۆ کە دانیشتوی شارۆچکەی عەربەتن گروپی ئایندە دادامەزرێنن، لەم بارەیەوە جیا حسێن سەرۆکی کۆمەڵەکە لەلێدوانێکیدا وتی: "گروپەکەمان لە ٢٠٠٦/٨/١٥ دامەزراندوەو ژمارەمان پانزە گەنجی سەربەخۆیە وهەموومان خوێندکاری زانکۆین، هەروەها ووتی ئامانجی سەرەکیمان چارەسەرکردنی کێشەکانی لاوانی شارەکەیە کەخۆی لەنەبوونی سەنتەری گەنجان و قاوەنێت و شوێنێکی گشتی بۆ گەنج بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی دام و دەزگا حیزبی و حوکمیەکانمان کردووە، هیمای بۆ ئەوەشکرد ئەگەر دەستەڵات وەڵاممان نەداتەوە ئەوا هەڵوێستی خۆمان دەبێت."

لە/ماڵپەڕی گەنجان/دوە

لە سێ مانگی داهاتوودا

(25)دیناری چاپی سویسری

پ. سلێمانی:

دەربارەی (25) دیناری چاپی سویسری و هەواڵی گۆڕینەوەی سەرچاوەیەک لەو هاوڵاتیانەی کە لەسەرتاوە بەدوای ئەم کێشەیەوە لە روونکردنەوەیەکی تایبەتدا وتی: پاش ئەوەی لەچەند مانگی رابردوودا بە هەموو لایەک و چەند ئەندام پەرلەمانێک لە کوتلەی کوردی پەرلەمانی عیراق هەوڵی ئەوەماندا کە کێشەی ئەم پارەیە کە بەرێژەیەکی زۆر خەڵکی کوردستان لێی زەرەرمەند بوون چارەسەر بکرێت و پاش دەیان گفتوگۆ لە پەرلەمانی عیراق بە کۆی دەنگ بڕیار درا ئەو بڕەیەی کە لای کوردستان و هاوڵاتیانی کورد ماوە بگۆڕدرێتەوە، بەڵام ئێستا حکومەتی عیراقی و وەزارەتی دارایی عیراقی لە ئامادەکاریدا بۆ تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ ئەو مەسەلەیە. لە درێژەی قسەکانیدا سەرچاوەکە وتی: من خەڵکی کوردستان لەوە ئاگادار دەکەمەوە کە لە چەند مانگی داهاتوودا دەتوانن (٢٥)دیناری چاپی سویسری بگۆڕنەوە.

هەواڵی سەیر

* لە مانگی تەشرینی دووەم پرۆژەی راکێشانی لاینێکی ئاو لە گەرەکی (حریە) لە نزیک یاریگەی شۆریجەی شاری کەرکوک، دەرچوو، بەڵام لەهەفتەی رابردوو لاینەکە لە نیوەدا راگیراو داخرا، چونکە بەناو باخچەکەی بەردەم ماڵی پاسەوانی پارێزگاردا رەت دەبوو. بۆیە بەناچاری گەرەکەکانی پشتەوە بە بۆری باریک کۆڵان بە کۆڵان ئاویان راکێشا.

* دوای ئەوەی بەڕێوەبەرێتی ئەوقافی گەرمییان ناوی ئەو حاجیانەی کە ئەمساڵ دەنێردرێن بۆ حەج ئاشکراکرد ، رۆژی ١-١٢-٢٠٠٦ لە نێوان پیرێژنێک و سەرقافڵەیەکی حاجیان لەناو مزگەوتی (محەمەدی) چەمچەماڵ مشت و مڕو قرەقرێکی زۆر دروست بوو، تەنانەت دوعاکردن وجنێودانیشی لێکەوتەوە، لەسەر ئەوەی گوایە دوو کەسیان بە ٦ وەرەقە ناردووەو ناوی ئەمیان دەرنەکردووە.

*مامۆستایەک بە فەرمانی فەرمی لە لادێوە بۆ ناحیەی شۆرش گوێزراوەتەوە، بەڵام دوای هەفتەیەک لە دەوام کردن بەلپی گرتووەو دەبێ دووبارە بمگوێزنەوە بۆ لادێکە، ئەگەرنا بەبێ ئەمر دەچم لەوێ دەوام دەکەم.

* پۆلیسێکی ناحیەی قادر کەرەم کە فۆرمی خۆراکەکەی گواستۆتەوە بۆ کەرکوک، لەم چەند رۆژەدا لەناو بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شۆرش و فەرمانگەی قایمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ، دەیان قسەو شتی ناشیرینی بە دەمدا هات لەبەر چاوی خەڵکەکە بەرانبەر حکومەت، ئەمە تووەمسە ئەم برادەرە لە کەرکوک نەوتی وەرنەگرتووەو لێرەش پێیان دەوت هەقت سووتاوەو بەرت ناکەوێ، پیاوێک وتی: وەڵڵاهی براگیان ئەوەی تۆ وەکو ئەو سەربازە وایە کە خۆی لە جەبهە بوو منداڵەکانی لێرە سجن کرابوون هەتا تەرحیل دەکرێن.

* لە ٣٠-١١-٢٠٠٦ ئۆتۆمۆبیلێکی فەرمانگەی ئاوی کەرکوک لەگەڵ دوو ئەندازیار بە ناوی (أ.ع) و (خ.م) چوون بۆ گوندی خاڵوبازیانی بۆ نەخشەو پلان دانانی پرۆژەیەکی ئاوی گەورە کە نزیکەی نیو ملیار دیناری تیادەچێ، شایانی باسە دووساڵ بەر لە ئێستا یەک بیر لەو گوندە لێدراو جەرنتەرو مۆتۆرێکیان بۆ هێنا، بەڵام زۆر کەم و بچووکەو لە کار کەوتووە، بۆیە پێشمەرگەیەکی دەسڕۆ لە گوندەکە وتی: کاکەگیان ئێمە ئەم پرۆژە گەورەیەمان ناوێ، وەرن ئەم بیرە چاک بکەنەوە، چونکە ماڵەکەی خۆی یەکەمین ماڵە نزیکی بیرەکەبێت لەبەر ئەوە بەناچاری ئەندازیارەکان گەڕانەوە، بە جێیان هێڵا.

* رۆژی ٣٠-١١-٢٠٠٦ پیاوێکی خۆکوژ بەپشتێنێکی خۆتەقاندنەوە لەبەردەم نەخۆشخانەی کۆماری لە شاری کەرکوک خۆی تەقاندەوە بە ئۆتۆمۆبیلەکانی پارێزگارەوە، لەئەنجامدا چەند کەسیک بریندارو دوو کەسیش کوژران. ئەوەی کە سەیرە لەم رووداوەدا دوو شت بوون: یەکەمیان بریندارێک کەوتە خوارەوەو بەجێیان هێڵا، دوایی گەڕانەوە سەری، دووەمیان دوکاندارێکیان گرت لەوبەری دوو سایدەکەوە گوایە ئەو پیاوە لەلای دوکانەکەی ئەودا پەرپوتەوەو ئەو دەیناسێ. بەخوا برا زیرەک و شارەزان هەی ئافەرین.